Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# ڕێکبەندی و بەخشکەیی دەربڕین
# لە گێڕانەوەکانی(ڕشتەی مرواری)عەلائەددین سەجادیدا

دارا حەمید محەمەد

زانکۆی گەرمیان// کۆلێجی پەروەردە// بەشی زمانی کوردی

**پوختە**

ڕێکبەندییەکان، دەکرێت، هەڵگری واتای بەخشکەیی دەربڕاو بن، ئەرکی سێمانتیکی ڕێکبەندیشە لەو واتایانە بکۆڵێتەوە، کە بە پەنهانی دەربڕراون . شاردنەوەی واتا لە پشت چیرۆك و دەق و گوتارەوە هەندێجار بە هەژموونی کەلتور دەبێت . بەمەبەستی زیاتر تیشك خستنەسەرلایەنی واتا شاراوەکانی ڕێکبەندییەکان، ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی(ڕێکبەندی و بەخشکەیی دەربڕین لە گێڕانەوەکانی(ڕشتەی مرواری) عەلائەددین سەجادیدا )یە ، هەوڵدەدات لە دوو بەشدا و بە پێڕەوکردنی میتۆدی شیکاریی_ ڕەخنەیی و بەسوود وەرگرتن لە بنەماکانی (سێمانتیکی ڕێکبەندی) لەو واتا شاراوانە بکۆڵێتەوە، کە لە سەربوردە و چیرۆك و گێڕانەوەکانی ڕشتەی مرواری عەلائەددین سەجادیدا بەخشکەیی دەربڕراون . بابەتەکانی ڕێکبەندی و سێمانتیکی ڕێکبەندی لە زمانەوانی کوردیدا نوێن و لەقۆناغی سەرەتاو دەستپێکردندان، بۆیە سەرباری ئەوەی گرفتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هاوکات توێژەر هەوڵی جێگیرکردنی بابەتەکە دەدات لە زمانەوانی کوردیدا .

*Article Info*

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ڕێکبەندی، بەخشکەیی دەربڕین، کەلتور، گێڕانەوە

Corresponding Author

dara.hamid@garmian.edu.krd

## پێشەكی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕێكبەندی و بەخشكەیی دەربڕین لە گێڕانەوەكانی(ڕشتەی مرواری)عەلائەددین سەجادیدا )یە، كار لەسەر واتا شاراوەكانی پشت بەشێك لە چیرۆك و گێڕانەوەكانی (ڕشتەی مرواری) دەكات، گرنگی باسەكە لەوەدایە ئەو جۆرە واتا بەخشكەیی دەربڕراوانەی دەق و گوتار زۆر بەكەمی كاری لەسەركراوە، بەتایبەتی پەیوەست بە كەلتور و ڕەخنەی كەلتورییەوە، لەوسۆنگەیەوە ئومێد دەكەین توێژینەوەكەمان لە زمانەوانی كوردیدا جێی خۆی بگرێت. بەو پێیەی توێژینەوەكە كار لەسەر ڕەخنەی كەلتوری دەكات بۆ ئەنجامدانی میتۆدی شیكاری - ڕەخنەیی پێڕەوكراوە ، كەرەستەو سامپڵی توێژینەوەكە چەند گێڕانەوەیەكی كتێبی (ڕشتەی مرواری) عەلائەددین سەجادییە، توێژینەوەكە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

١- چەمكی ڕێكبەندی چییە؟

٢- مەبەست لە بەخشكەیی دەربڕین چییە ؟

٣- ئایا لەپشت چیرۆكەكانی (ڕشتەی مرواری) یەوە واتای بەخشكەیی دەربڕراو هەیە؟

٤- ئامانج لە چاندنی ئەو واتا شاراوانە لە پشت گێڕانەوەكانەوە چین؟

٥- شێوازەكانی گەیشتن بەو واتا بە پەنهانییە دەربڕاوانە چین؟

٦- ڕۆڵی گوتاری ڕەخنەیی لەئاراستەكردنی كۆمەڵدا لە چ ئاستێكدایە؟

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەكان توێژینەوەكە دابەشكراوە بەسەر دووبەشدا . بەمشێوەیە:

بەشی یەكەم : لێكدانەوە و ڕاڤەكردنی چەمكەكانی (ڕێكبەندی ، بەخشكەیی دەربڕین، ڕەخنە و كەلتور، گوتاری ڕەخنەیی....تد) لە خۆدەگرێت .

لە بەشی دووەمدا : واتا و مەبەستە شاراوە و بەخشكەیی دەربڕراوەكانی چەند گێڕانەوە و (ناو)ێكی كتێبی ڕشتەی مرواری شیكراونەتەوە .

لەكۆتاییشدا ئەنجامەكان خراونەتەڕوو لەگەڵ ئاماژەكردن بۆ سەرچاوەكان و خستنەڕووی پوختەی توێژینەوەكە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

بەشی یەكەم: چەمكی ڕێكبەندی و بەخشكەیی دەربڕین

١-١- چەمكی ڕێكبەندی :

ڕێكبەندی بەرانبەر بە وشەی(système) ئینگلیزی دێت، كە لە وشەی(sustēma ) گریكییەوە وەرگیراوە، ماناكانی لێكدان و ڕیكخستن و كۆی گەیاندووە. هەروەها واتای پێكەوە بەستن و كارلێكی نێوان دروستە و بەش و ڕەگەزەكانی گەیاندووە https://www.google.com/search?q=%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%A . لە فەرهەنگە بیانییە نوێ و هاوچەرخەكاندا ڕێكبەندی مانای كۆمەڵێك هێمای زمانی و ئەدەبی و كەلتورییە، یان كۆمەڵێك دروستە و ڕەگەزە، كە بەپێی چەند یاسا و بنەمایەك هەماهەنگی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ڕێكبەندی دەكرێت بەهۆی ڕەگەزەكانی و كارلێكی نێوان ڕەگەزە پێكهێنەرەكانییەوە دەستنیشان بكرێت .

ڕێكبەندی بەرانبەر بە زاراوەی(النسق) ی عەرەبی بەكارهێنراوە لە فەرهەنگی (العین)دا مەبەستەكانی(ئەوەی لەسەر یەك سیستەم بێت )، لە فەرهەنگی(لسان العرب)یشدا بە مەبەسەكانی(وەك یەك ڕێكخستن ) یان هاوواتای( دروستە) بێت یان واتای ( سیستەم) دەگەیەنێت وەرگیراوە لە(صیاد،٢٠١٧: ١٠) ، لەئەم توێژینەوەیەدا هاوشێوەی توێژینەوەكانی پێشوومان زاراوەی ڕێكبەندی بەكارهێناوە، كە بە مانای دروست و پێكەوە بەندكراو بەشێوەیەكی دروست و تۆكمە دێت . بەلای (ڕۆلان بارت)هوە ڕێكبەندی چەمكێكی گشتییە، مەبەستی بنیاتنانی دەق لەسەر بنەمای ئاماژەبەندی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی دەق لەتوانایدایە چەند مەبەست و واتایەك بگەیەنێت، بەو پێودەنگە دەكرێت دەق هەڵگری چەندجۆرێك ڕێكبەندی بێت. لەوانە:( ڕێكبەندی زمانی ، ڕێكبەندی هێماو نیشانە ، ڕێكبەندی كات و شوێن ، ڕێكبەند پێوەندیكردن ، ڕێكبەندی ناوەكی پەسنكەرانە ، ڕێكبەندی مێژوویی)، كە بەلای (ڕۆلان بارت)هوە پێوەندی بە زانیارییەوە هەیە، بۆیە بە ڕێكبەندی كەلتوری ناوی دەبات . (الیاسری"٢٠٢٠: ٤) .

هارتمان و لارید، پێیان وایە ڕێكبەندی ئەو گشتە یەكگرتووەیە، كە لەچەند بەشێكی تێكچڕژاو و پێكەوە بەستراو پێكدێت https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/109625060731193 2?journalCode=yeca. هەروەها بڕوانە Hartman A. , & Laird, J. 1983:62 بەوپێیەی ڕێكبەندی یەكەیەكی یەكگرتووە و لەچەند بەشێك پێكدێت بۆ گوزارشتكردن لە بابەتێك ، دیاردەیەكی دیاریكراو، بەكاردێت، دەكرێت لە كایە زانستی و ئەدەبی و هونەرییەكانیشدا هەبێت، وەك ڕێكبەندی ئابوری ، ڕێكبەندی ئەدەبی ، ڕێكبەندی سیاسی ، ڕێكبەندی بایۆلۆجی ، ڕێكبەندی هونەری ، ڕێكبەندی كەلتوری ، ڕێكبەندی پەروەردەیی ، ڕێكبەندی كۆمەڵایەتی ، لۆجیكی ....تد) . لەوڕووەوە غودامی پێی وایە، ڕێكبەندی توانا و دەسەڵاتی بەسەرماندا هەیە وەك ڕێكبەندییە كۆمەڵایەتییەكان، كە توانای دەسەڵاتشكاندنەوەی هەیە بەسەر چێژوەرگرتنمان، هۆكاریشی ئەوەیە، ئێمە بەپێی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان دەتوانین چێژ وەربگرین(غودامی، ٢٠٠٥ : ٢٤ ) .

ڕێكبەندی وەك ئاماژەمان بۆكرد تەواوی كایە مەعریفییەكان دەگرێتەوە، بۆنموونە لە كایەی فەلسەفەدا زۆر لە كایەی زمانی جیاواز نییە، لەفەلسەفە و زانستە تیۆریی و پەتییەكاندا ڕێكبەندی كۆمەڵێك بیرۆكەی زانستی یان فەلسەفیی وابەستە و هاوكار و تەواوكەری یەكترن(سعید"٢٠٠٤: ٤٦٧ ) .

١-٢- جۆرەكانی ڕێكبەندی

ڕێكبەندی دوو جۆری سەرەكی هەیە:

١- ڕێكبەندی داخراو، ئەو جۆرە ڕێكبەندییەیە، كە سەربەخۆ و بە دابڕاوی لە ڕێكبەندییەكانیتر كاردەكات، چونكە ڕێكبەندییەكان لەسەر بنەمای هەماهەنگی بنیات دەنرێن، بۆنموونە ڕێكبەندی كۆمەڵایەتی و ڕێكبەندی كەلتوری هەماهەنگی تەواو لەنێوانیاندا هەیە، بەڵكو تەواوكەری یەكترن، كەچی لە ڕێكبەندی داخراودا ئەو جۆرە هەماهەنگییە نابینرێت.وەك نمونەی(١ )

١- ((لە ناو كوردەواریدا باوە منداڵی تا دوو ساڵان، ئەگەر هات و زۆر گریا، یا هەمووجار كوتوپڕ ڕاچەنی لەخەو، ئەڵێن ئەمە گوایە ترساوە، بۆ ئەم ئیشە دێن قورقۆشم ئەتوێننەوە، جامێكی خاڵی

لەسەرسەر منداڵەکە ڕادەگرن و قوڕقۆشمە تواوەکەی بەونیازەی کە ترسەکە لاچێ تێدا قەڵپ ئەدەنەوە، ئیتر ترسی منداڵەکە لائەچێ، گوایە قوڕقۆشمەکە کە مەیی، ئەبێ بە وێنەی ئەو شتەی منداڵەکەی ترساندووە))ڕشتەی مرواری ل٢٤٩ .

نمونەی(١)دەقێکی ئەفسانەییە، ئەفسانەش پێناسەی زۆری بۆکراوە، بۆنموونە لە ئۆکسفۆرددا ((چیرۆکێك لە چاخەکۆنەکانەوە هاتبێت بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی بەزارەکی دەوترێن بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوە سروشتییەکان یان بۆ وەسفکردنی مێژووی بەرایی خەڵك . ئەو شتانەی خەڵك باوەڕی پێیەتی بەڵام لە ڕاستیدا بوونی نییە یان هەڵەیە ))ناوخۆش، "٢٠١٦: ٢٢ . بنیاتی ڕێکبەندی لە(١)دا سەربەخۆیە و بەتەنها و بە بێپەیوەندی بە ڕێکبەندییەکانیترەوە مەبەستی خۆی دەگەیەنێت ئەویش بڕوابونی میللەتی کوردە بە ئەفسانە و هەندێجاریش بە شتی پڕوپوچ . واتای بەخشکەیی دەربڕاوی پشت ئەو دەقە ئەوەیە، کە میللەتی کورد وەك یەکێك لە میللەتە دێرینەکانی سەرزەوی خاوەنی ئەفسانەیە، کە هێمایە بۆ بیرکردنەوە لە شتگەلێك، کە لە توانای مرۆڤ بەدەرە، ئەوەش نیشانەی زیرەکی میللەتانی خاوەن شارستانییە . ئەو واتایە سێمانتیکی ڕێکبەندی پێیدەگات و شیکاری بۆ دەکات.

٢-ڕێکبەندی کراوە، ئەم جۆرەی ڕێکبەندی بەدوای کەناڵی پەیوەندی نێوان ڕێکبەندییەکاندا دەگەڕێت، وەك: ڕێکبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکبەندی دامودەزگاکان و ڕێکبەندییەکانیتری کۆمەڵ، کە پێویستە هەماهەنگی و کارلێك لەنێوانیاندا هەبێت، بۆنمونە قوتابخانە سیستەمێکە هەرگیز ناتوانێت سەربەخۆ کاربکات بەڵکو پێویستی بە دووجۆر هەماهەنگی هەیە: ناوەکی، لە نێوان ڕێکبەندییەکانی دەزگاکە وەك قوتابخانەکان، دەرەکی، کە هەماهەنگی ڕێکبەندی پەروەردەییە لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەردا . وەك نموونەی(٢ )

٢- من هەر لەبەختانمە ئەم جۆرە شتە بێتەڕێم، حامد بەگی جاف زۆر کەم قسەی ئەکردو ئەیکا، کە هاتە قسە قسەیەکی وائەکا تەواو جێگیرە، لەگەڵ حامد بەگ بەلای خۆمانەوە زۆر دۆست بووین، لەئۆتۆمبێل گلابوو، نەچووم بۆسەرخۆشی بۆلای، ڕۆژێك بە تەلەفۆن سەرخۆشی و چاك و چۆنیم لەگەڵکرد، وتم سەرەتا نەمزانییەوە، پاشان ماڵە تازەکەشتانم نەئەزانی، بۆیە نەهاتم بۆلات، وتی: فڵانی ئەم قسانەت لێوەرناگرم ناچێتە دڵمەوە، وتم: تۆ لەوە گەڕێ ئێستا خۆ شکور چاکی؟ وتی((شکور سێ پەراسووم شکاوە، شانێکم دەرچووە، زۆر چاکم، ڕاستی ئیتر من هیچم پێنەما)) ڕشتەی مرواری ل٢٣٥ .

لە(٢ )دا دوو ڕێکبەندی تێکەڵکراوە، ڕێکبەندی مێژوویی خۆی لەباسی حامد بەگدا دەبینێتەوە و ڕێکبەندی کۆمەڵایەتی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستەکراوە، هەردوو ڕێکبەندی پێکەوە ستراکچەری (ڕێکبەندی کراوە) لە دەقەکەدا بنیات دەنێن .

١-٢-١- تایبەتمەندییەکانی ڕێکبەندی

١- پتەوی و جێگیری: ڕێکبەندی پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات لەڕێی بەدەستهێنانی تێکردەکانەوە .

٢- هاوسەنگی : ڕێکبەندی توانای پاراستنی بنەماسەرەکی و سروشتییەکانی خۆی هەیە، سەرباری گۆڕانکارییەکان، کە لەئەنجامی تێکردەکاندا ڕوودەدەن .

٣- جیاکاری و جیاوازی : بیرۆکەی گەشەکردنی ڕێکبەندی ئاڵۆزە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات چەندین بەشی جیاواز و زانیاری نوێ لەخۆدەگرێت . بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(https://www.b-sociology.com/2017/03/pdf_98.html ) .

٤- گۆڕینەوە : بەپێی ئەو بنەمایە گۆڕینی هەر بەشێك لە ڕێکبەندییەکە کارلێك لەگەڵ بەشەکانیتریشدا دەکات و کاریگەری لەسەریان دەبێت و گۆڕانکاری لەوبەشانەشدا ڕوودەدات . ڕێکبەندی یەکەیەکی یەکگرتووە بەپێی ئەرکەکەی دیاریدەکرێت نەك بەپێی پێکهاتە و دروستەکەی، ئەرکی ڕێکبەندیش تەنها لەو دەق و گوتارانەدا دەبێت کە هەڵگری دوو واتای ئاشکرا و شاراوەی دژ بەیەکن،(تاسعدیت"٢٠١٨ : ٣٨ )، هەر گۆڕانکارییەك لەبەشەکانیدا کاریگەری لەسەر واتاکان کە بنیاتنەری ڕێکبەندییەکەن دەبێت . وەك نمونەی(٣ )

٣-لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردییە دەڵێ (( لەتانجییان پرسی، تۆ زۆر خێراو بەهێزی بۆڕاکردن، کەچی گەڵێ جار کە ئەکەویتە سەر کەروێشکێك کەروێشکەکەت لەدەست دەرئەچێ، ئەمە بۆچ وایە؟ ئەویش وتی : ئاخر کەروێشك بۆخۆی ڕائەکا و من بۆیەکێکیتر)) . ڕشتەی مرواری ل٥٣٣ .

لە(٣ )دا ئاماژە بۆ کەسانێك کراوە، کە بەری ڕەنجیان بۆ کەسانیترە، بەڵام ئەوەی نایزانن ئەوەیە، کە کۆیلایەتییان قبوڵە و لەگەڵی ڕاهاتوون و دەژین، کۆیلەش هیچ بەهاو پێگەیەکی لای خاوەنەکەی نییە، هەر گۆڕانکارییەك لەو دەقەدا مەبەستەکە دەگۆڕێت و مەبەستیتر دەدات بەدەستەوە . بۆنمونە لەجێی ناوی تانجی سەگ دابنرێت بەتەواوی مەبەستەکە دەگۆڕێت، هەرچندە ستراکچەری ڕێکبەندییەکە و کارلێك لەنێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانیدا دروست دەبێت.

١-٢-٢-ڕەگەزەکانی ڕیکبەندی:

١- تێکردەکان: ئەو توانایەیە کە ڕێکبەندی لە دەوروبەر و ژینگەیەکەوە بەدەستی دەهێنێت، تێکردەکان ئەو بڕەزانیاریی و چەمکانەن، کە پەیوەستن بە بابەتێکی دیاریکراو ولەڕێی کەناڵەکانی وەرگرتنەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاوەز و بەکۆد دەکرێن، ئاوەزیش درك بە تەواوی تێکردەکان دەکات و گەنجیان دەکات، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(مەعروف، عەبدولجەبارمستەفا ٢٠٢٢، ) و ،(ئەحمەد،شیلان ئیسماعیل،٢٠١٥ ) .

٢- کردەی گوێزانەوە : ئەو چالاکییانەیە کە تێکردەکان بۆ فۆرمی جیاواز دەگۆڕێت .

٣- دەرکردەکان : زنجیرەیەك ئەنجام و دەستکەوتە، لەڕێی چالاکییەکانی ڕێکبەندییەکەوە بەدەستهاتوون . دەرکردەکان بەدەستهێنانەوەی کۆدە گەنجکراوەکانە لەئاوەزدا، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(محمود"٢٠١٢ )

٤- فیدباك: كارلێك و كاردانەوەی دەوروبەرە لەئەنجامی وەرگرتنی دەركردەكان ، دەكرێت هەندێجار خودی دەركردەكان ببنەوە بەسەرچاوەی تێكردە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە https://www.google.com/search?q=%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%A . وەك نمونەی(٤) .

نمونەی٤- ئەڵێن (شنگ) خواردن بۆ دەم و دان خراپە و بۆ ناوسك باشە.(ڕێواس) خواردن بۆ دەم و دان باشە و بۆ ناوسك خراپە . ڕشتەی مرواری ل٢٤٦ .

لە نمونەی(٤)دا كە قسەیەكی نەستەقی كوردەوارییە، بەڵگەی دونیابینی كوردە، وێڕای ئەو واتا و زانیارییانەی لە گوتنەكەدا هەن، واتایەكی بەخشكەیی دەربڕاوی هەیە، كە ئەمڕۆ زانستی پزیشكی سەلماندوویەتی، ئەویش ئەوەیە، كە گوڵ و گیا و داو و دەرمان هەرچەند بۆ دۆخ و حاڵەتێك بەسوود بن، دەكرێت بۆ دۆخێتر زیانیان هەبێت، ئەمەش بەڵگەی ئاوەزمەندی تاكی كوردە، كە دركی بەو ڕاستییەكردووە، ڕاپرسییەك لە ناو كۆڕی كورداندا، بەهاو چییەتی پەند و قسەنەستەقەكان دەخاتەڕوو، هەركە ئاخێوەر بە پەندێك یان وتەیەكی جوان پاڵپشتی ئاخاوتنەكەی بكات، ئیتر گوێگر پەسەندی دەكات و شتێكیتری لەسەر ناڵێت، مەگەر بۆهەندێ دۆخی زۆر پێویست نەبێت، ئەوەش واتایەكیتری ئەو دەربڕینانەیە، كە بە پەند و قسەی نەستەق ناسراون .

٣-١-بەخشكەیی دەربڕین implicit formats

دەربڕینەكان كۆگا و گەنجینەی تێڕوانین و دونیابینی و ئاوەزمەندی تاك و كۆمەڵن، دەكەونە ژێر هەژموونی شارستانییەت و بیرو باوەڕو دیدگای خەڵك بۆ دیاردەكۆمەڵایەتییەكانی وەك دابونەریت ، ڕۆشنبیری و پێكهاتەی كەلتور بەگشتی، كاریگەری ئەو دیاردانە لەسەر دەربڕینەكان هۆكارێكی گەشەكردنی زمان و هەنگاونانییەتی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانكاری و گەشەكردن یان پاشەكشەكردنی ژیانی كۆمەڵ (الوافی"١٩٧١ :٨) .

ئاخاوتن چالاكییەكی تاكەكەسییە بەپێی دەوروبەرەجیاوازیكان ئەنجام دەدرێت((دەربڕین چالاكییەكی قسەییە، تاكەكانی كۆمەڵگا لەنێوان خۆیاندا پیادەی دەكەن، جۆرێكە لە جۆرەكانی كارلێكە زارەكییەكان، كە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پەنای بۆ دەبەین))(عەلی، ٢٠١٥ :٢٨) . پەیوەست بە بنەماكانی هاریكاری لای گرایس ئەوە دەسەلمێت ، مەبەستی قسەكەر هەمیشە هاریكاری گوێگرە دواتر گرایس ئەم بنەمایانەی لەشێوەی چەند بنەمایەكی وردتردا خستە ڕوو ، كە بریتین لە : ١-بنەمای چەندایەتی ٢-بنەمای چۆنییەتی ٣-بنەمای پەیوەندی ٤-بنەمای شێواز. بەڵام مەرج نییە قسەكەر هەمیشە پابەندی ئەو بنەمایانە بێت(فەتاح، ٢٠١١: ٢١٥)ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی فەراهەمبوونی واتای شاراوە وبەخشكەیی دەربڕین و لێكەوتەی ئاخاوتەیی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(قادر،٢٠١٢: ٢٦٣). لێكەوتەی ئاخاوتەییش بریتییە : لەو واتا سەربارەی كە قسەكەر لەبۆتەی گوتنەكانیدا بەمەبەستی هاریكاری بەگوێگری دەگەیەنێت، گوێگریش لەمەبەستی قسەكەردەگات و دەتوانێت، لەو واتا زیادەیە بگات، لەڕێی هەڵهێنجاندنییەوە لەوتنەكانی قسەكەردا .

لێكەوتەی ئاخاوتەیی زۆر پەیوەستە بە پراگماتیكەوە، بەپێی بۆچوونی گرایس بەشێكی زۆری ڕستەكان سەربارى واتای سێمانتیكی واتای پراگماتیكیشیان هەیە كە قسەكەر بەپێی دەوروبەر ئاراستەی گوێگری دەكات ، بۆزیاتر بڕوانە(عەلی،٢٠١٥، ٥٤ ) . لێكەوتەی ئاخاوتەیی لەبەرئەوەی مەبەست و واتایەك دەگەیەنێت ، كە شاراوە و دەرنەبڕراوە ، هەربۆیە واتای بەخشكەیی دەربڕراوی ڕێكبەندی دەكرێت، لە مەبەستەكانی لێكەوتە ئاخاوتەییەكانەوە سەرچاوە بگرن، كە زۆرجار بە پەنهانی دەمێنێتەوە، هەندێجار گوێگر پێی ناگات، هەندێ جاریش گەیشتن بە ئەو واتایانە پێویستی بەدەوروبەر هەیە( Yule, George. 2000 . p 35 ) یان لەڕێی ڕەخنەی كەلتوورییەوە پێی دەگەین. بەو شێوەیەش، دەكرێت، بەپێی دەروبەر یەك ئاخاوتن لێكەوتەی جیاوازی لێهەڵهێنجێنرێت. لەبەرهەموو ئەوانە زۆرێك لەزمانەوانان بە لێكەوتە ئاخاوتەییەكان بەشێكی گرنگی پراگماتیك دادەنێن .

لە ئاخاوتندا دیاردەی بەشاراوەی(پەنهانی ، بەخشكەیی)دەربڕین (دەركەوتەیەكی پراگماتیكییە، لەپرۆسەی دەرخستنی واتای شاراوەدا بەكاردەهێنرێت)( مەحمود"٢٠٠٩: ٦٩)، دەكریت بەخشكەیی دەربڕین لە ڕستە و دەقیشدا بێت، هەربۆیە دەكریت بوترێت (( بریتییە لە بەخشكەیی دەربڕینی واتای جیاواز بەیەك ڕستە))(قادر"٢٠١٢:٢٧٢) پەیوەست بە بەخشكەیی دەربڕین لڤنسن لە ١٩٨٣ تیۆری بەخشكەیی دەربڕینی ئاخاوتنی گشتگیر پێشنیازدەكات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(ئەحمەد،٢٠١٣: ٧٤) بەبۆچوونی لیفنسون بەخشكەیی دەربڕین بریتییە لەو واتایەی ڕستە و دەربڕینەكان ، كە دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنەكە ڕۆڵی سەرەكییان لە فەراهەمبوونیدا هەیە ، ئەمەش خاڵی سەرەكی جیاكردنەوەی واتای شاراوەیە ، لەواتای ئاشكرا . واتای شاراوە هەرگیز لە واتای سیمانتیكی كەرەستە پێكهێنەرەكانی وتنەكانەوە تێبینی ناكرێت ، بەڵكو بریتییە لە (كارراپەڕاندن بەپێی بارودۆخی قسەكردنەكە، دەشێت بەپێی ئەو بارودۆخە بگۆڕێت و بۆگەیاندنی واتای (ئاگاداركردنەوە یان بەڵێندان ، یان پرسیاركردن ....تد) بەكاربێت(محەمەد"٢٠١٢: ٦٥) .وەك نمونەی٤ب

نمونەی٤ب- شێخ محەمەدی شێتە هەبوو، بۆ حەج ئەچوو: ژنێكی هەبوو (گوڵباخ)ی ناوبوو، گوڵباخ پێی وت: زوو وەرەوە ئاگات لە دوای خۆت بێ، شێخ محەمەدیش پێی وت: من ئاگام لەدوای خۆم ئەبێ تۆش ئاگات لەبەری خۆت بێ .

لە نمونەی( ٤ب)دا قسەكەر و گوێگر و دوای ڕۆڵگۆڕینەوەشیان بەناڕاستەوخۆ داوا لە یەكتر دەكەن، كە ئاگایان لەخۆیان بێت و خیانەت نەكەن . ڕەخنەی كەلتوری لە ٤ب دا جۆرێكیتر لە واتا دەخاتەڕوو كە بەهەژموونی كەلتور شاراوەتەوە ئەویش شاردنەوەی نەنگی دەسەڵاتدارانە، چونكە ئەوان شێخن و خاوەنی دەسەلاتی كۆمەڵایەتی بەهێزن ، كەچی سەرباری نەبوونی متمانە بەیەكتری لە نێوانیاندا، كە خاڵێكی زۆر ناشیرینی نێوان ژن و پیاوە بەڵام بە حوكمی كەلتوور بۆ ئەوان لای خەڵكی بەئاسایی وەردەگیرێت، بگرە هەر باسیش ناكرێت، بەڵكو ئەو كەسانە هەر بەپیرۆزی لەناوكۆمەڵدا دەمێننەوە .

بەخشكەیی دەربڕین وەنەبێ تەنها لە ئاخاوتندا بێت بەڵكو دەكرێت لە دەق و گوتاریشدا هەبن ، خوێندنەوە_ لێكدانەوەی دەق بەپێی ڕەخنەی ئەدەبی ناوەندییە، لەمڕووەوە امبرتوایكۆ پێیوایە ، جۆری دەق حوكمی لێكدانەوە و خوێندنەوەی دەق دەكات، دەقی داخراو بواری لێكدانەوەی فراوان دەبێت و دەقی كراوە بواری لێكدانەوەی كەمدەبێت و ڕێگەی لێكدانەوەیەك زیاتر نادات(ربیعی"٢٠١٨: ١٩٩) بەوشێوەیە بەخشكەیی

دەربڕین لە دەقی داخراودا زیاترە وەك لە دەقی کراوەدا . هەرچەندە خودی خوێندنەوە-لێکدانەوە پەیوەستە بە جۆری تێکستەوە وەك (تێکستی جیاواز) کە جۆرێکە توانایەکی ڕەها لە لێکدانەوە و خوێندنەوە بە خوێنەر دەبەخشێت ، بەڵکو هانی خوێنەر دەدات و دەیوروژێنێت، تا ڕادەی ئەوەی خوێنەر لەگەڵ دەقدا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەگاتە ئەو دەرئەنجامە، کە تێکست یەکەیەکی یەگگرتووە لەڕووی بنیاتەوە و کراوەیە لەڕووی واتا و لێکدانەوەوە(سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠ ) . وەك نموونەی(٥):

نموونەی ٥- شەڕی ١٩١٤ – ١٩١٨ دیارە مەبەست لە شەڕی یەکەمی گێتییە. (( لەوشەڕەدا هەندێ کوردیان بەناوی غەزاوە تەفرەدابوو ناردبویانن بۆ شەڕ، یەکێکیان ئەپاڕایەوە خوا ساتۆ ئەمجارە مەمکوژە، هەتا ئەچمەوە ماڵ، لێیان پرسی بۆچی؟ وتی((شەرتێ بەم خەنجەرە مەلا کوت کوت کەم، دوێت باوکە هەر ئەیوت هەرکەس بچێ بۆ غەزا(هۆری) ئەدەنێ، منی نارد بۆ کوشتن نەیناردم بۆ هۆری، ئەگەر ڕاستی ئەکرد هەرکەس غەزا بکا هۆری ئەدەنێ خۆی بۆچی نەهات؟ من هۆریم ناوێ،(خاتە)ی خۆم بە دەمی باوکیشم زیادە)) ڕشتەی مرواری ل ٢١٨ .

لە(٥)دا ئاشکرا دەقێکی خاوەن ستراکچەرێکی تۆکمەی پەیوەست پێکەوە دەبینرێت، کە هەر بەشێکی گرنگی خۆی هەیە لە بنیاتی دروستە و واتای دەقەکەدا، دەقەکە داخراوە و لێکدانەوە و ڕاڤەی زۆر هەڵدەگرێت، ڕووداو و کەسەکان سەرنج ڕاکێشن و خوێنەر بەتایبەتی خوێنەری کورد بۆ گەلێ بابەتی کۆمەڵایەتی ئایینی سیاسی پەلکێشدەکات، خەڵەتاندن و ڕەهەندەکانی فریودان، لەکەدارکردنی پیرۆزی پیاوانی ئایین، دابڕان و دوورکەوتنەوە و کوشتن و منداڵ هەتیو کەوتن و ژن بێوەژنبوون و بەجێمانی تەرم....تد دەدات بەگوێی خوێنەردا کە بەشێکن لە مێژوو، بێئەوەی هیچ سوودێکی بۆ میللەت هەبێت .

بە خشکەیی دەربڕین، دەکرێت وابەستەبێت بە ڕەخنەی کەلتورییەوە، سەرچاوەکەیشی واتا شاراوەکانی پشت دەربڕینە ئێستاتیکاییەکانی دەق بێت( بەخشکەیی دەربڕین، هەموو واتایەکی ڕێکبەندی شاراوە و بە ئێستاتیکا داپۆشراو بەمەبەستی چاندنی دیاردە نا ئێستاتیکییەکانی کەلتور دەگرێتەوە(صیاد،٢٠١٧: ٢٠). بەمەش بەخشکەیی دەربڕین هەوڵی چاندنی دیاریدە ناشیرینەکان دەدات لەڕێی کەلتورەوە. وەك نمونە(٦ )

نموونەی(٦) قازی خدروەیس لەئالی بەگ، پیاوێکی دانابووە، لێی دەپرسن: شاسوار کوڕی تۆیە؟ ئەویش ئەڵێ: من باوکی ئەوم. ڕشتەی مرواری ل٩ .

لە(٦ )دا واتایەکی بەخشکەیی دەربڕاوهەیە، کە کەلتور سەپاندوویەتی ئەویش شانازیکردنە بە کەسانیترەوە، بنەماڵە، خێڵ..تد و سڕینەوەی خودی تاکە، لەکاتێکدا ئاوەزمەندی و دونیابینی میللەتان لەڕێی گوتن و پەند و ئیدیەمەکانیانەوە ئەوەیان سەلماندووە، کە مرۆڤ دەبێت شانازی بەخۆیەوە بکات، نەك کەسانیتر گەر کەسانی هەرەنزیکیشی بن، وەك عەرەب وتەیەکیان هەیە دەڵێت ( لیس الفتی من یقول کان ابي ولکن الفتی من یقول ها انا ذا) هەربۆیە قازی خدروەیس درك بەو واتایە دەکات و ڕەتی دەکاتەوە، کە شانازی بەکوڕەکەیەوە بکات بەڵکو شانازی بەخۆیەوەدەکات کە باوکی ئەوکوڕەیە .

کاریگەری کەلتور لە دەق و گوتاردا تا ئەو ئەندازە ڕۆیشتووە، کە دەق بزردەبێت و شاعیر دەردەکەوێت، باشترین نموونەی ئەو جۆرە لە شاعیران، شاعیرانی دەربارن، چونکە بەشان و باڵی دەسەڵاتدارەکاندا هەڵدەدەن، بۆیە ناوبانگ دەردەکەن، وەك: کەڵەشاعیر ، شاعیری نەتەوەیی، شاعیری ناودار....تد) لەکاتێکدا ڕاست وایە شاعیر لەڕێی دەقەکانییەوە بناسرێت نەك بەپێچەوانەوە((چی شتێك لەوە جوانتر دەبێت لای دەسەڵاتدار، کە لەڕێی شیعرەوە لەسەر کورسی شەرەفمەندی دانیشێت وەك چۆن لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتووە؟ ئەوە شیعرە ئەو ئارەزووەی بۆ بەدیدەهێنێت، ئەوە شیعری پیاهەڵدانە تێکەڵەیەکی کەلتوری لە ڕەوانبێژی و درۆی ڕازاوە بنیاتدەنێت، کەتێیدا پیاهەڵدەر و پیاهەڵدراو دەردەکەون، زێڕ و زیو دەبەخشرێت، ئەویان ئازا و خۆنەویست و بەخشندەیە و ئەمیان کەڵە شاعیری پیاهەڵدانە، ئەمە بووەتە هۆی کەوتنی شیعر و دەرکەوتنی شاعیر)(الغدامي،٢٠٠٥ : ١٠٠) .وەك نمونەی ٦ ب

٦ب- پوختەی چیرۆکێکی ل ٧٤٤ڕشتەی مرواریە ، جارێکیان مەحمود پاشای جاف زۆری برسی دەبێ، دۆینە بەدۆکوڵیوەوەی بۆ دێنن دەیخوا و چونکە زۆری برسی دەبێت بەلایەوە زۆر بەتام دەبێت، هەربۆیە (قادری سان ئەحمەد) پیاوی پاشا دەبێت کە دەبینێت پاشا بەلایەوە بەلەزەتە بەشان و باڵی دۆینە و دۆکوڵیودا هەڵدەدا زۆردەڵێ:

دۆکوڵیوی شای سەرسینی     قەند و نەوات و دارچینی
ئێژی بەهەشت ناردگیەسی     هەتا بیخۆی هەرهەی برسی

دیارە پاشا نەختێ زۆری لێخوردووە پێی تێکئەچێ و بە قادر دەڵێ وەڵا نەبوونی باشترە، بۆیە کوڕی سان ئەحمەد ئەمجارە دەکەوێتە داشۆرینی دۆکوڵیو و دەڵێ:

دۆکوڵیوە ترشە پیسەکە     هەردۆخەواس لە کیسەکە
خۆی لێکردگین وەپیاو ماقوڵ     ئێژی تەرسە و لەبانی تووڵ

پاشاش پێی دەڵێ ئەمە چییە کوڕی ئەحمەد سان تۆ ئێستا بەشان و باڵی دۆکوڵیوتا هەڵدەدا، کەچی هەر ئێستاش واهاتیتەوە سەروگوێلاکیدا ؟ قادری ئەحمەد سان دەڵێ قوربان میرم من شتێ ئەڵێم تۆ پێت خۆشوێ نەك دۆکوڵیو.

لە (٦ب)دا کە چیرۆکێکە نەختێ دورودرێژە ئێمە ناوەڕۆکەکیمان وەرگرت، لەیەك کاتدا، کە پاشا وەسفی خواردنەکە دەکات، پیاوەکەی بەشان و باڵیدا هەڵدەدات و کە زەمی دەکات پیاوەکەی ڕاستەوخۆ دەست بە زەمکردنی خواردنەکە دەکات، بەشێوەیەك تەنانەت خودی پاشا پێی سەرپر دەبێت بۆیە دەپرسێت ئەو گۆڕانکارییە چییە؟ پیاوەکەشی چونکە پیاوی دەربارە بێ سێودوو دەڵێت، من ئەو شتەدەڵێم کە پاشا دەیەوێت. ئەمە حاڵی هەموو شاعیرانی دەربارن، بۆیە هەمیشە خەڵاتکراون و ناوبانگیان دەرکردووە و ڕەخنەی کەلتوریش ڕەتیان دەکاتەوە .

٤-١-سێمانتیکی ڕێکبەندی

توێژینەوە لە ڕێکبەندی و باسکردنی واتای شاراوە و بەخشکەیی دەربڕاو بە بێئاماژەدان بە سێمانتیکی ڕێکبەدی ئامانجی تەواو نادات بەدەستەوە، بەتایبەتی سێمانتیکی ڕێکبەندی لەڕێی ڕەخنەی کەلتورییەوە پەردە لەسەر ئەو واتا شاراوانە لادەدات، کە کەلتور سەپاندوونی و ناچاریکردووین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. سێمانتیکی ڕێکبەندی بایەخ بە واتاشاراوەکانی پشت دەربڕاوەکان دەدات، ئەو واتایانەی نەمەبەستی قسەکەرە و نە گوێگریش پەیپێدەبات و هیچ کام لە قسەکەر و گوێگریش درکی پێناکەن، بەڵکو سێمانتیکی ڕێکبەندی و زۆرجاریش لەڕێی ڕەخنەی کەلتوورییەوە دەیخاتەڕوو. سێمانتیکی ڕێکبەندی بۆیەکەمجار شاعیر و ڕەخنەگری

عارەب(عەبدولّا غوذامی) لە چوارچێوەی ڕەخنەی کەلتوریدا ئاماژەی بۆکردووە. ئەوەش وەك دەرئەنجامێکی بیرۆکەکان سەبارەت بە کەلتور و لە توێژینەوە کەلتورییەکان بەگشتی و ڕەخنەی کەلتوری بەتایبەتی هەڵهێنجاندون(عبدالله،٢٠١٧: ٣١٧). نموونەی ٧

(٧)- کابرایەکی کورد لە دەشتێکا تووشی گۆرانێك ئەبێ، بەرد و ئەستێیەکی پێئەبێ، ئەڵێ : کاورا ئەو کوچك و چەخماخەت نادەی وە من؟ گۆرانەش ئەڵێ: ئەی خۆم چی بکەم؟ ئەویش ئەڵێ: ((بیوڕەوە، بیوڕەوە تۆ گۆرانی قەیچی دەمێ بۆخۆت پەیداکە)) .ڕشتەی مرواری ل٢١٧ .

بەپێی سێمانتیکی ڕێکبەندی نموونەی(٧) هەڵگری چەند واتایەکی شاراوەی کەلتورین، لەوانە بەکارهێنانی هەردوو ناوی (کورد ، گۆران) کە زۆر لەمێژە دوژمنانی کورد کاری لەسەردەکەن، بەمەبەستی بچووککردنەوەی زمانی کوردی بەدابڕاندنی زارێکی سەرەکی و گرنگی کە زاری گۆرانە. وەك چۆن کار لەسەر جیاکردنەوەی شێوەزاری لوڕی دەکرێت لە زاری خوارو و زمانی کوردی، ئەوانەش بە کەلتورکراون، تەنانەت لەهەندێ ناوەند و کۆڕ و کۆنفرانسی ئەکادیمیستەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە بەرگەکانی ڕشتەی مرواریدا دەستەواژەی(کابرایەکی کورد) زۆر دووبارەبووەتەوە، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو چیرۆکانە لە کوردەوە وەرنەگیرابێت ، چونکە کورد هەرگیز ناڵێت کوردێك یان پیاوێکی کورد، مەگەر بەراوردبێت لەگەڵ کەسێك کەکورد نەبێت، یان باسی کوردێك و بیانییەك بێت . بیانییەکانی وەك عەرەب و تورك و فارس هەرکاتێك وتبێتیان کوردێك ئەوە بەمەبەستی نەرێنی بەکاریانهێناوە، هەربۆیە ئەو واتایانە بەکەلتور کراوە و مەبەستی دوژمنکارانەی لەپشتەوەیە بەڵام ئەفسوس بەهەژموونی کەلتور درك بە ڕەهەندە نەرێنییەکانی ناکرێت .

سێمانتیکی ڕێکبەندی لەلایەن غودامییەوە وەك ڕەگەزی حەوتەم لە ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن، کە ڕۆمان جاکۆبسون دەستنیشانیکردوون پێشنیازکرا، جاکۆبسون بۆ پێوەندیکردن شەش ڕەگەزی دەستنیشانکردووە (قسەکەر، گوێگر، پەیام، کۆد، کەناڵ ، دەوروبەر(محمد،٢٠١٢: ٥٨) غودامی ڕەگەزی حەوتەم بە پێویست دەزانێت کە(ئەرکی ڕێکبەندییە)،لەوڕووەوە غودامی دەڵێت(( لەڕوانگەی ڕەگەزی حەوتەم لەڕەگەزەکانی پێوەندیکردن پێشنیازی جۆری سێیەم لە واتا دەکەین، کە (واتای ڕێکبەندییە)، گەر واتای ئاشکرا پەیوەستە بە مەرجی سینتاکسی و ئەرکیشی پێوەندیکردنە، واتای شاراوەش پەیوەستە بە (ئێستاتیکا)ی زمانەوە، ئەوا واتای ڕێکبەندی پەیوەستە بە تۆڕێك لە پێوەندی تێکچڕژاو کە بە درێژایی کات دروستبووە و ڕەگەزێکی کەلتوری پێکهێناوە کە دواتر بووە بە ڕەگەزێکی کارا، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە سێمانتیکە بە تێپەڕبوونی کات و بە پلەبەندی دروستبووە، بۆیە بەناخی گوتاردا ڕۆچووە و هەر بە شاراوەیش لە نێوان زمان و ئاوەزدا ماوەتەوە و کاریگەری خۆی کردووە بێئەوەی هەستی پێبکرێت . هۆکاری ئەمەش لەلایەك بۆ سەرقاڵبوونی ڕەخنەی ئەدەبی بە ئێستاتیکای دەقەوە دەگەڕێتەوە و لەلایەکیتریشەوە بۆ توانای ڕەگەزەکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی لە خۆشاردنەوە دەگەڕێتەوە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کاریگەری نەبینراو و هەست پێنەکراوی لەسەرمان هەبێت، بەشێوەیەك بیرکردنەوەمان کۆنترۆڵ دەکات و هەر گۆڕانکارییەکیش لە هزر و بیرکردنەوە و شارستانییەتماندا ڕوویدات، تەنها لە شێوەدایە و هەژموون و دەسەڵاتی واتا ڕێکبەندییەکە وەك خۆی دەمێنێت و حوکمی بیرکردنەوەمان دەکات .(غودامی،٢٠٠٥: ٧٢) . وەك نموونەی(٨)

نموونەی ٨ – مەلا مەحمووی حاجی عەلی هەبوو، لەسلێمانی جارێك پێش نوێژی ئەکا لە نوێژی عیشادا، فاتیحا ئەخوێنێ و پاشان ئەڵێ: (( الم غلبت الترك)) یەکێك لە نوێژکەرەکان غەڵەتەکەی ئەداتەوە و ئەڵێ:(( غلبت الروم)) ئەویش هەر لەناو نوێژەکەدا ئەڵێ(( گوێ مەدەرێ هەموویان دوژمنمانن)) ئەمە ئەڵێ و لەسەر نوێژەکەی خۆی ئەڕوا .

له (٨)دا چەند ڕێکبەندییەك هەن واتای کەلتوری شاراوەیان هەڵگرتووە، واتاکان دژی واتای باوی دەربڕراوەکانن، بۆنموونە واباوە کە کورد زۆر پەرۆشی ئایینی خۆیەتی و موسوڵمانییەتی بەلایەوە بەهای هەرە پایەدارە، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە کە کورد میللەتەکەی و زمان و وڵاتەکەی لەلا لەهەموو شتێك گرنگترە و ئەمەش وەك کەلتورێك لە ئاوەزی هەموو تاکێکی کورددا چەسپیوە، بۆیە لە ٨ دا مامۆستا بێئاگاییانە وەڵامی نوێژخوێنەکە دەداتەوە چونکە ئەوە کەلتورێکە و لەئاوەزیدا چەسپیوە .

سێمانتیکی ڕێکبەندی لێکدانەوەی واتای دەق و گوتار تێدەپەڕێنێت و بەدوای واتای نەزانراوی کەلتوریدا دەگەڕێت، ئەو واتایەی مەرج نییە لە دروستە زمانییەکەوە سەرچاوە بگرێت بەڵکو ئەوە کەلتورە ئەو واتایە دەبەخشێت بە دەق و گوتار، بۆیە سەرباری گرنگی دروستەی زمانی وەك بناغەی بنیاتی دەق بۆزیاتر سەبارەت بە بنیاتی زمان و واتا بڕوانە(محەمەد، "٢٠٢٠) بەڵام لە سێمانتیکی ڕێکبەندیدا کەلتور کەرەستەیەکی سەرەکی دەبێت، بەڵکو سەرچاوەی بنیاتی واتا نەزانراوە پەیپێنەبراوەکانی دەق و گوتار دەبێت (عبدالله،٢٠١٧: ٣٢١ ) .

١-٥- گوتاری ڕەخنەی و بەخشکەیی دەربڕین

١-٥-١-چەمکی گوتار :

گوتار پێناسە و ڕاڤەکردنی زۆری بۆکراوە، لەوانە:

١- بنڤیست ( هەمو دەربڕینێك کە قسەکەرو گوێگری تێدابێت و قسەکەر بییەوێت کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت بە گوتار دادەنرێت).

٢- باختین گوتار بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت نەك تاکەکەسی ، بەلای ئەو زانایەوە دەربڕراوەکان(ejected) هەرچەندە بەرهەمهێنراوی تاکن بەڵام لە ڕاستیدا و بەگشتی بەرهەمهێنراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تێکچڕژاوەکانن . (الحميري ، ٢٠١٤ : ٩٩ ).

٣- تۆدرۆف ( هەر دەربڕراوێك یان کردەیەکی ئاخاوتەیی قسەکەر و گوێگرێکی تێدا بێت \، قسەکەر بییەوێت کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت گوتارە ) . ( الباردي ، ٢٠٠٤ : ٣٦) .

١-٥-٢-گوتاری ڕەخنەیی:

جۆرێکە لە گوتار، کە لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی دەوروبەردایە، بەمەش دەبێتە گوتارێکی دەرەکی مەحکومی هەڵوێست. (باتریك شارد و دۆمینيك) پێیان وایە گوتاری ڕەخنەیی سروشتێکی گشتی هەیە، کۆکەرەوەی ڕەهەندەکانی (زمانی و کۆمەڵایەتی مێژویی و پراگماتیك)یە .دەکرێت گوتاری ڕەخنەیی خاوەنی مەبەست و واتایەکی شاراوەبێت(عبدالحسين،٢٠١٨: ١٩). لێرەوە مێتا گوتار دێتە ئاراوە، کە تێیدا شاعیر یان قسەکەر بابەتێکی نوێ

لەبەرڕۆشنایی گۆتارێکیتردا فەراهەمدەکات ئەویش لەڕێی ڕەخنەوە: وەك نموونەی (٩ )

نموونەی ٩- خلکی مستەفای پیروەیس کوڕی زۆربوو، لێیانپرسی خاڵە خلك کوڕەکانت کامیان باشن؟ وتی: ((ئەوەیان کەنەیەتە دیوەخان و مەجلیسەوە)). وتیان: ئەی ئەگەر هەموویان هاتن؟ وتی:((ئەوەیان کە قسەنەکا)) . ڕشتەی مرواری٦٤٥

لە( ٩)دا دیارە گوتارێکی ڕەخنەیی لە گوتارێکی پرسیارئامێزەوە سەرچاوەیگرتووە، گوتارە ڕەخنەییەکە بارودۆخی نالەباری کوڕانی خلك دەخاتەڕوو لەڕێی خودی خلکەوە . هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سەرباری ئەوەی کوڕەکان خراپن بەڵام باوکیان واتە خلك دونیابینە چونکە بەسووربوونی خەڵك لەسەر لەئەگەری هاتنی هەموویاندا بۆ دیوەخان ئەو وەلامێکی زۆر ژیرانە دەداتەوە کە قسەنەکردنیانە ، چونکە واتای قسەنەکردن ژیرییە، کە بەڵگەی دونیابینی باوکە و خراپی کوڕەکانە، ئەمەش لە کەلتوری کوردیدا هەیە، کە زۆرجار پیاوی باش منداڵی خراپی دەبێت، زۆرجاریش بەوکەسانە وتراوە وجاخ کوێر.

سەرچاوەی گوتاری ڕەخنەیی لە هەندێ دەقدا ڕەخنەی کەلتورییە، کە مەبەستێکی شاراوەی درکی پێنەکراوی لەپشتەوەیە. ڕەخنەیە لە شوێنە ئاینییەکان، دامودەزگاکان، پاشاو میرو...تد.وەك نموونەی( ١٠) .

نموونەی ١٠- مەحمود بەگی ڕەزابەگی جاف گێڕایەوە وتی: ((کابرایەکی کەماڵەیی ئەوێ دەروێشی شێخ عەبدولکریم ئەوێ- ڕۆحم وە فیدای وێ- ڕۆژێك کابرا ئەچێ بۆ خزمەتی شێخ و دەستی ماچ ئەکا" شێخ لەو کاتەدا تۆزێ توورەئەبێ لەبەر هەندێ پەژارەی خۆی کە لەدڵیا ئەوێ، بە دەروێشەکە ئەڵێ : برۆ لاچۆ دەستم ماچ مەکە من شێخ نیم. دەروێش تۆزێ لێی مۆڕئەبێتەوە و پێی ئەڵێ: گووت خوارد دەسا وەڵا شێخیت.ڕشتەی مرواری ل٧٣٦ .

لە( ١٠)دا چەند واتایەکی بە کەلتور داپۆشراو هەیە، ١- دەروێشان وەك کۆیلە خۆیان دەنوێنن و هەر بچووکی شیخ دەکەن لە هەموو حاڵەتێکدا . ٢- شێخ کێشەی هەیە و تورەی کردووە و پێی چارەسەرناکرێت ، ئیدی چۆن چارەسەری کێشەی خەڵك دەکات، کەچی بە هەژمونی کەلتور ئەو واتایانە باس ناکرێت و شێخ هەر پیرۆزە بە لایانەوە .

٢-ڕێکبەندی و بەخشکەیی دەربڕراوەکانی (ناو) لە چیرۆکەکانی ڕشتەی مرواریدا.

لە چیرۆکەکانی ڕشتەی مرواریدا (ناو) وەك کارەکتەری سەرەکی هاتووە، ناوەکان گشتی و تایبەتی...تد، پەیوەستن بە دەسەڵات و ئایین و بیرو باوەڕو و کەسایەتییە ناسراوەکانی کۆمەڵ و پیشە و ....تد. پەیوەست بە توێژینەوەکە لە واتا و دەلالاتە شاراوەکان و بەخشکەیی دەربڕراوەکانی ناوەکانی هەڵگری واتای(هێز و دەسەڵات ، ئایینی، کەسەناسراوەکان)ی کۆمەڵ کەرەستەی ئەم بەشە دەبێت .

٢-١- ناوە تایبەتەکان بە دەسەڵات و هێز

لە چیرۆکەکانی ڕشتەی مرواریدا چەندین ناوی ناسراو و نەناسراو هەن، کە خاوەنی هێز و دەسەڵات بوون، ئەو ناوانە هەمیشە نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی وەك نیشانەیەکی پراگماتیکیان هەڵگرتووە، لەوانە(ئاغا ، بەگ ، گەورە ، میر ، پاشا ..تد) . بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(صیاد،٢٠١٧: ٢٠٠) . وەك نمونە( ١١) .

نموونەی ١١- ئینگلیز تازە هاتبوونە عێراقەوە، زابتێکی گەورەی ئینگلیز لە(فەقێ جنە) لە دیواخانی حەسەن بەگی حسێن بەگدا دائەنیشێ و دەست ئەکا بە قسەکەردن و بەشان و باڵی چاکی خۆیانا دێت. مەحمود نادریش لە دیواخانەکە ئەبێ، ئینگلیزەکە هەموو جارێ ڕووئەکاتە مەحمود نادر و ئەڵێ ئەمەتان بۆئەکەین و ئەوەتان بۆ ئەکەین،کە ئەو لەقسەکانی ئەبێتەوە مەحمود نادریش لەسەرخۆ پێی ئەڵێ: ((ئینگلیزبەگ ئێمە دابەستە خزمەت ئەکەین پاشان سەری ئەبڕین)) ئەڵێ کابرای ئینگلیز ئیتر نقەی لێبڕا. ڕشتەی مرواری ل٣٢٣ .

بەگ کە چەند جارێك لە( ١١) دووبارەبووەتەوە، هەڵگری نیشانە پراگماتیکییەکانە، سەرباری ئەوەش لە(١١ )دا واتای شاراوەی بەخشکەیی دەربڕاو هەن، وەك (دەسەڵات و کۆکردنەوەی کەسانی دونیادیدە و قسەزان و بەئەزموون کە زۆرجار ئەوان لەپشت قسەکانی ئاغا و دەرەبەگەکانەوەبوون ، قبوڵنەکردنی بێگانە و داگیرکار لەلایەن کۆمەڵی کوردییەوە) . هەندێك لەناوەکان لەچینی دەسەڵات نین بەڵام خەڵك منداڵەکانیان بەوانەوە ناودەنێن بە مەبەستی پیشاندانی هێز و دەسەڵات ، لەوانە(شێرزاد ، شازادە ، ئازا ، دلێر، پاڵەوان ....تد) .

٢-٢- ناوی ئاینی

هەندێك لە ناوەکانی چیرۆکەکانی ڕشتەی مرواری هەڵگری سیمای ئایینن، ئەمەش لەچەند فۆرمێکدا دەرکەوتووە، لەوانە:

١- ناوەکان پێشگرێکیان پێوەیە ئاماژە بۆ پیاوی ئایین دەکات وەك(مەلا، فەقێ....تد) وەك نمونەی( ١٢):

نموونەی١٢- مەلایەك لە خێڵێك وەعزی ئەدا ئەیوت:((هەرکەس شەوی جومعە لەگەڵ ژنی خۆیا ئیشی شەرعی بکات وەکو حەو کافری کوشتبێ وایە)) ژن و مێردێك لە وەعزەکەبوون، کە هاتنەوە ماڵەوە ژنکە وتی: ((پیاوەکە ئیمشەو جومعەیە با حەو کافر بکوژین)). پیاوەکە وتی باشە، تۆزێکیتری پێچوو دیسان ژنەکەوتی((پیاوەکە جومعەیە نەوەك لەدەستمان بچێ با حەوکافریتر بکوژین غەزایە)) پیاوە وتی باشە ، بەوجۆرە ئەوشەوە تابەیانی نزیکەی ١٠٠ کافریان کوشت.

کەوتە سبەی شەو ژنە دیسان وتی(( ئەمشەویش هەر جومعەیە با دەسکەین وە کافر کوشتن )). پیاوەکە وتی (( ئافرەت دوێشەو جومعەبوو. ژنە وتی تۆنایزانی بۆ غەزا هەموو شەوێ جومعەیە. بەکورتی ژنە تەنگی بەکابرا هەڵچنی و شەو و ڕۆژ جومعەبوو. هەموو ساڵ بوو بەجومعە و شوێنی غەزا.

کابرا بێهێزبوو وایلێهاتبوو لووتت بگرتایە گیانی دەرئەچوو، ناچار ماڵەکەی جێهێشت و چوو لە مزگەوت نووست، ژنەکە دوو سێ پیاوی نارد بە شوێنیا، پیاوەکان هاتن وتیان ئاخر تۆ لەماڵێ خۆت بۆچی تۆراوی؟ کابراش وتی(( تاجومعە لەوماڵەدا بێ جارێکی کە من سەر بەو ماڵەدا ناکەمەوە، یان من یان جومعە))ڕشتەی مرواری ٢٠١٠: ٤٥١ ) .

لە ( ١٢)دا مەلا ئاماژەیە بۆ پیاوی ئایینی و پیاوی ئاینی هەڵگری چەند سیمایەکی واتاییە، لەوانە :( + مرۆڤ + نێر + زاناو شارەزا + ئامۆژگاریکردن)

سیماواتاییەکان ئەو خەسڵەتانە بە مەلا دەبەخشن، کە خەڵکی گوێڕایەڵی وتەکانی ببن و وەك خۆی جێبەجێی بکەن، لەگێڕانەوەی سەربوردەکاندا زۆرجار باسی تەنز ئامێز دێتە ناوەوە، دەکرێت مەبەستە لە گێڕانەوە تەنز

ئامێزەکان زیاتر پێچەوانە بێت، واتە واتاکەی پێچەوانەی مەبەست بێت هەربۆیە دەبینن ، لە ( ١٢) واتای ئاشکرا و شاراوە هەن، مەبەستە شاراوەکە حەزی ئافرەتی کوردە بۆ سەرجێی لەگەڵ پیاودا، کە بەپێی ئەو گێرانەوەیە بیت ئەندازەی نییە و زۆر حەز بەسەرجێییە. بەڵام لەڕاستیدا وانییە بەڵکو ژنی کورد زۆر میانڕەوە لە بابەتی سەرجێییدا، لەوەشزیاتر دەتوانرێت بوترێت، تاڕادەیەکیش، ساردە واتە نەرێنییە و سێکس زۆر مەبەست و گرفت نییە بەلایەوە .

٢- بەشێك لەناوەكان وادەردەکەون کە ئاین و بەهای ئایین تەنها لەڕێی ئەوانەوە دەردەکەوێت و بەبێئەوان هیچ بەهایەك بۆ ئایین نامێنیتەوە، وەك( شێخ ، باوە ، سەید) . وەك نموونەی( ١٣):

نموونەی ١٣- کابرایەکی وردە شاتری هەبوو(گونە)هیان پێئەوت، ڕۆژێك تووشی کابرایەکی خێڵەکەی خۆیانبوو پێی وت: ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ وتی: ئەچم بۆ خزمەتی شێخ. وتی(بم وەساقەت، پێی بێژە نووشتەیەکم بۆ بنێری، روحم وە فیدای وێ، لەو نوشتانە، کە خوا وە زەمیلە بۆی ناردگەسە خوارەوە. ڕشتەی مرواری ل ٣٩٦ .

سێمانتیکی ڕێکبەندی ڕەهەندی کەلتوری هەیە بۆیە پەیوەستە بە ڕستەی کەلتورییەوە، چەمکێکە بەرکەوتەی لەگەڵ پێکهاتەی کەلتوریدا هەیە، بەلای غوداميشەوە سێمانتیکی ڕێکبەندی دژی هەردوو جۆری واتای گوتارە(ئاشکرا و شاراوە) و کار لەسەر واتای پەیپێنەبراو دەکات. لە نموونەی(١٣)دا واتا ئاشکراو شاراوەکان دیارن(گونە کەسایەتییەکە ناسراوە بەهۆی سیفەتێکەوە کە دراوەتە پاڵی، شێخیش سیمایەکی ئایینی هەیە، ئەوەی نەزانراوە ئەوەیە، بەلای خەڵکەوە خوا لەڕێی شێخەکانەوە دەگاتە خەڵکی و ئەوان نەبن دەسەڵاتی خوا بۆنموونە لە چاککردنەوەی نەخۆش نامێنیت، چونکە بەپێی نمونەی ١٢ خودا دوعاکانی ڕادەستی شێخ کردووە و شێخ بیدا بەخەڵك چاکدەبێتەوە و ویستی نەبێت بیدات ئەوە چاکبوونەوەی نییە. سەرچاوەی فەراهەمبوونی ئەو واتایانە کەلتورە و بە هەژموونی کەلتوریش شاراونەتەوە و دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکەوە ماوەتەوە، هەربۆیە لەڕێی ڕەخنەی کەلتوری و بەپێی بنەماکانی سێمانتیکی ڕێکبەندی لە دەربڕینەکاندا هەڵدەهەنجێنرێت ((عبدالله،٢٠١٧: ٣١٧) .

٢-٣- ناوە ناسراوەکانی کۆمەڵ

ناوەکانی تایبەت بەکەسەناسراوەکانی کۆمەڵ جۆراوجۆرن، بەشێکیان پەیوەستن بە پیشەکانیانەوە(قازی ، موفتی ، دارتاش ، خومچی ، جووتیار) بەبێناوهێنانی پیشەکانیان کەسەکان ناناسرێنەوە. وەك نموونەی( ١٤) .

نمونەی١٤- عەبەی حەمە خەیات هەبوو، لەگەڵ حەموش ئاغا وەختی خۆی لای حاجی عەبدولوەفابوون، پاشان عەبەی خەیات بوو بە حاجی و دەوڵەمەندبوو، ڕۆژێك ئەچنەلای حەمەسەعید خەفاف. حەموش ئاغا بە حەمەسەعید ئاغا ئەڵێ: ئاغا بۆی بنووسە یەکێك لە حەجەکانیم بۆ حەواڵەبکا بەڵام با حەجی دووەم و سێیەم نەبن، چونکە پارەی ئەوانەی بە موشێن پەیداکردووە. ڕشتەی مرواری ل٨٣٧ .

لە( ١٤)دا چەند ناوێك هاتووە کە بەهۆی پیشەکەیانەوە ناسراونەتەوە(خەیات ، خەفاف ) ئەو ناوانە نیشانەی پراگماتیکین و هەڵگری واتای شاراوەی کۆمەڵایەتین، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت لە( ١٤)دا ئەوەیە، کە کەلتور عەیبەی دەوڵەمەندەکان دەشارێتەوە، ئەوەتا عەبەی خەیات دەوڵەمەندبووە، دیارە دەوڵەمەندییەکەی سەرچاوەی ناپەسەندی تێدایە بەڵام ئیتر ئەو بە حاجی و کەسایەتی ناسراوە و باسی شێوازە خراپەکانی دەوڵەمەندبوونی ناکرێت، کە لە وشەی(موشێن)هوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە بە موشێن پەیداکردن واتای بەناشەرعی پەیداکردن لەبەرئەوەی مرۆڤ بە موشێن دەوڵەمەند نابێت . بەشێکیتری ناوەکان لە ڕێی دۆخێکی تایبەتەوە وەك نەخۆشی یان جەربەزەیی و ڕێگری و پیاوکوژی و....تد دەناسرێنەوە.(سەرچاوەی پێشوو:٢٠١) .

## ئەنجامەکان :

١- ڕێکبەندی سیستەمێکە لە دەربڕین، کە بەشێوەیەکی تۆکمە پێکەوە بەستراون، پێکهاتەیەك بنیات دەنێن، هەڵگری پەیامێکە و بە مەبەستی گەیاندنی بیرێك گەڵاڵەدەکرێت، بەپێی جۆر و ڕەگەزەکانی تەواوی کایە مەعریفی و فەلسەفی کەلتوری و ئەدەبییەکان دەگرێتەوە.

٢- یەکێك لە سیما دیارەکانی ڕێکبەندییەکانی دەق و گوتار هەڵگری واتاگەلێکن، کە بە پەنهانی دەربڕراون و مەبەستی جۆراوجۆریان لەپشتەوەیە، بەشێك لە واتا بەخشکەیی و پەنهانی دەربڕاوەکان بە هەژموون و دەسەڵاتی کەلتور داپۆشراون و شاراونەتەوە، لە ڕێی ڕەخنەی کەلتورییەوە دەخرێنەڕوو .

٣- ڕشتەی مرواری یەکێکە لە کتێبە ناوازەکانی کوردی، کە لەکایەیدا سەدان چیرۆك و بەسەرهات و ڕووداو وپەندی هەڵگرتووە و لە لەناوچوون پاراستوونی، لە کایەی باس و گێرانەوەکانی کتێبەکەدا هەموو جۆرەکانی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی و ئاشکرا و شاراوە هەن، مەبەستی جۆراوجۆری وەك(ئاینی و سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەند و مێژوو...) لەپشت باسەکانەوە بەدیدەکرێت .

٤- نیشانە پراگماتیکییەکانی ناو وەك یەکێك لە باسە بە بەرهەم و بەپێزەکانی ڕشتەی مرواری لە چەندین فۆرمدا دەرکەوتوون، دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆچەند گروپێك، وەك (ناوی پیشە ، ناوی کەسایەتی کۆمەڵایەتی، ناوی ئایینی، ناوی جەربەزەیی و ئازایەتی) ئەو ناوانە سەرباری واتای سێمانتیکی و نیشانەی پراگماتیکی لەبەشێك لە چیرۆکەکاندا، هەڵگری واتای شاراوەی پەیپێنەبراون، کەتەنها سێمانتیکی ڕێکبەندی پەییان پێدەبات .

## سەرچاوەکان:

١- ئەحمەد، تریفە عومەر(٢٠١٣) پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکان، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی .

٢- ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد(٢٠١٥) تێکردە بیرییەکان لە تیکەڵبوونی فۆرم و واتادا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی

٣- خۆشناو، سەلام(٢٠١٦)ئەفسانە و ئایدۆلۆژیا و زمان، هەولێر.

٤- فەتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١١) زمانەوانی، هەولێر.

٥- قادر، کاروان عومەر(٢٠١٢) فۆرمی لۆجیکی لە زمانی کوردیدا، سلێمانی .

٦- سەجادی،عەلائەددین( )ڕشتەی مرواری ،

٧- عەلی، بەدرخان سلێمان(٢٠١٥) لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨- محەمەد، دارا حەمید(٢٠١٢) شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، زانکۆی سلێمانی .

٩- ------ (٢٠٢٠) بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. خوولی ٦ .

١٠- محمود، ئاڤێستا کەمال(٢٠٠٩) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

١١- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، سلێمانی .

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

١- البارد‌ي ، محمد، ٢٠٠٤ ، إنشائية الخطاب في الرواية العربية الحديثة ، مركز النشر الجامعي ، تونس

٢- الحميري ، عبدالواسع ، ٢٠١٤ ، الخطاب و النص ، مفهوم ، العلاقة السلطة ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع ، بيروت .

٣- الغذامي، عبدالله،٢٠٠٥)النقد الثقافي، قراءة في الانساق الثقافية العربية، المركز الثقافي العربي، بيروت.

٤- الوافي، علي عبدالواحد(١٩٧١) اللغة والمجتمع،دار النهضة، القاهرة، مصر .

٥- الياسري، عمار ابراهيم(٢٠٢٠)الانساق المضمرة في بنية النص الشعري، دراسة في نصوص الشاعر الدكتورعمار المسعودي، صحيفه المثقف عدد٥١٤٩ .

٦- ربيعي،عبدالجبار(٢٠١٨) النسق و المضمر الثقافي في الخطاب النقدي عند جاحظ قراءة من منظور النقد الثقافي، رسال دكتورا، جامعة باتنة١ ، الجزائر.

٧- سعيد. جلال الدين(٢٠٠٤)،معجم المصطلحات و الشواهد الفلسفية، دار الجنوب للنشر، تونس

٨- صياد، عادل(٢٠١٧)الانساق المضمرة في رواية قواعد العشق الاربعون(روايه عن جلال الرومي) لاليف شافاق، جامعة العربي التبسي، الجزائر

٩- عبدالله،امجد حميد(٢٠١٧)الدلالة النسقية(تاطير نظري)، مجلة الباحث عدد٢٥ .

١٠- عبدالحسين"عقيل(٢٠١٨)تحليل الخطاب و المركزية النقدية . دار اسامة ، الاردن .

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

١- Yule, George. 2000. Pragmatics .Oxford University Press..

٢- Hartman A. , & Laird, J. (1983). Family-centered social work practice. New York: Free Press

**پێگەی ئەلیکترۆنی :**

1.https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/1096250607311932?journalCode=yeca

2.https://www.google.com/search?q=%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%

3. https://www.b-sociology.com/2017/03/pdf_98.html



**الملخص**

تعنى هذه الدراسة الموسومة(النسق و المضمر في قصص كتاب(رشتەی مرواری) للكاتب علاءالدين السجادي، دراسة نوع من المعنى التى لم تطرق فى اللغة الكوردية، وهي المعاني المضمرة في الانساق الادبية في القصص، واعتمد الباحث المنهج النقدي التحليلي في دراسته، وقسم البحث الى فصلين:

تناول الفصل الاول: عرض للمفاهيم( النسق ، المضمر، النقد الثقافي، الخطاب النقدي)

وتناول الفصل الثاني : دراسة و معاني المضمرة لانواع الاسم من حيث (المهنة ، الموقع لاجتماعي ، الدين ) .

وفي الختام عرض الباحث اهم النتائج التى توصل اليه مع عرض للمصادر و المراجع .

الكلمات المفتاحية: النسق ، المضمر، الثقافة ، السرد

**Abstract:**

The semantic system may carry implicit meaning in which semantic function leads to appearing hidden meaning in stories, discourse and texts due to culture aspects.

The study entitles semantic system in the narration of “Rishtay mirwary” by Ala’adin sijadi, it throws light on invisible semantic system the study contests of two parts which follows critical-analytic methods by using semantic system by analyzing the semantic systems in narrating stories in “Rshtay mirwary”.

The first part focuses on the following Semantic system, criticism, culture and critical discourse.

The second part discusses meaning and implicit meaning of some selected narration of “Rshtay mirwary”

Key words: Theme,implicit, Culture, Narration